# هونەرمەند مامۆستا زرار رواندزی لە دیدارێکی هونەریدا

## من سایکۆلۆجیەتی خۆم وایە چەندی سانسۆرم لەسەر بێت ئەوەندە زیاتر کاردەکەم

## بەشی یەکەم

**دیداری: محەمەد گەلاڵەیی_رواندز**




مامۆستا وهونەرمەندی گەورەی رواندوزوکوردستان "زرار محەمەد مستەفا رواندزی "ناسراو بەمامۆستا "زرار رواندزی " لەدایك بووی 1937ز .شاری رواندزە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی بڕیوە، تا خوێندنی ئامادەیی تەواودەکات لەشاری هەولێر لە 1958ز و پاش دەرچوونیشی ڕاستەوخۆ دەبێتە مامۆستای سەرەتایی، بۆماوەی سێ ساڵ مامۆستایەتی کردووە لە دەڤەری باڵەکایەتی لە گوندی "ڕایات"وپاش ئەمەش دەگەڕێتەوە شاری رواندزوخەریکی خۆ فێرکردنی مۆسیقا وهونەرەکانی تردەبێت، لەسەر دەستی "سەردار بێ بەخت "فێری کاری مۆسیقا دەبێت، لە ساڵی 1971ز دەست بەکاری هونەری وبەتایبەتی مۆسیقا دەکات، لەم کاتەشدا تیپی مۆسیقای رواندوزوپاشانیش تیپی مۆسیقای پاشای گەورە دادەمەزرێنن، ئەو تیپە بەردەوام دەبێت لەکارەکانی تا دوای راپەرین کە لەدوایدا لێك هەڵوەشاییەوە تا ئێستا .ئەمەو مامۆستا لەماوەی ئەو "36"ساڵەی کاریکردووە زیاتر لە بیست خولی مۆسیقای درێژخایەن بۆ خولیانی مۆسیقاوئەو کەسانە کردۆتەوە، هەروەها زیاتر لە "بیستوپێنج "شانۆگەری پێشکەش کردووە، چەندانیشی بەخۆی نوسیون و دەریشیهێناون، وچەندان پێشانگای هونەری کردۆتەوەو لەگەڵ پێگەیاندنی چەندان شێوەکاروێنەکێشی بەناوبانگی شاری رواندوزوسۆران ودەوربەری.کە لەدەقی چاوپێکەوتنەکەشدا ناوی ئەو هەموو هونەرمەندە مۆسیقارو شانۆکارو شێوەکارانە دەبینین، کە لەژێردەستی مامۆستا پەروەردەبووینە، وئێستا هونەرمەندی زۆربەناوبانگن بەتایبەتی لە بواری مۆیسقا کە شوێنیان دیارە لەم سەردەمەدا.وە ئەوەی شایانی باسە تاکە هونەرمەندە لەکوردستان کە سەرۆکی حکومەت"نێچیرڤان یارزانی " خەڵاتی رێزلێنانی دابیتێو، پەیکەریش بۆ کرابێت کە هێشتا نەمردووشە .یەکێك لەو لەکارە پڕ بایەخەکانی مامۆستاشدا نووسینەوەی مێژووی هونەروکرۆنۆلۆژیای شانۆی ئەم دەڤەرەیە لەشێوەی کتێبیکدا، ئێستاش ئامادەی چاپە .لێرەدا مامۆستا قسە دەکات لەسەر مێژووی هونەری رواندوزوکارو چالاکیەکانی هونەری وچەند مەسەلەیەکی گرنگی ئێستای پرۆژە هونەری وگلەییەکانی مامۆستا لە هونەرمەندانی رواندوزو دەڤەرەکەداو ئێستاش ئەندامی لقی کۆمەڵەی هونەری و وێژەیی شاری رواندوزە لە رۆژی دامەزراندنیەوە تا ئەمرۆ بە چالاکیەکی زۆر خزمەتی بە کۆمەڵە کردووە، بۆیە وەك رۆژنامەنووسێکی دەڤەرەکە دیمانەیەکی تایبەتی دورودرێژم لەگەڵی ئەنجامدا.

*محەمەد گەلاڵەیی: مامۆستا گەر سەرەتایەکمان بۆ بڵێی لە مێژووی هونەری شاری رواندوز بەگشتی.

*مامۆستا زرار: مێژووی هونەری شاری رواندوز، لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە کاتێك سەید تەهای ئەفەندی ئامێرێکی مۆسیقی لە جۆری)ئیقاع (دێنێت، ئەمەش لەساڵی 1923ز بووە، ئەمەش "سالح نەورۆز " بۆیگێڕامەوە، ئەمە بەردەوام دەبێت تا ئێمە هاتین بە شێوەیەکی رێكوپێك هەریەکە لە تیپی مۆسیقای رواندوزو پاشای گەورەمان دامەزراند، دوای ئەمەش هونەرەکانی تری شانۆو شێوەکاریش لەگەڵ رۆیشتنی رۆژو کاروچالاکانیشمان لەو بوارەدا ئەوانیش مێژووی خۆیان تۆمارکرد.

*محەمەد: چۆن بەو شێوە سەرەتاییە جووڵانەوەی هونەری پێشکەوت لە دەڤەری سۆران وبەتایبەتیش لە رواندوز؟

*مامۆستا زرار: لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بەم لاوە، جموجۆڵێکی تەواو هونەری دەستی پێکرد لە ڕواندوزودەوروبەریدا، لەوان کاتاندا زۆر چالاکی و کاری باشی بەخۆیەوە بیینی، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی دووتیپی گەورەی مۆیسقاو تیپێکی شانۆی چالاکو لەگەڵ پێگەیاندنی چەندان کادیری بواری مۆسیقاوگۆرانی وشانۆوشێوەکاری، هەتا بەرهەمەکانی ئەم تیپیەی مۆسیقاییە لە تەلەفزیۆنەکان ورادیۆکانی ئەوسا بڵاودەکرایەوە، بەرهەمیشمان بۆ گۆرانبیژانیش تۆمارکردووە لە "ستیۆدیۆی دەنگ "ئەم چالاکیانەش هەمووی بەهاوکاری کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی ئەوکاتی ڕواندوز بوو، لێرەدا بە تێپەربوونی کات جموجۆڵی هونەری بەگشتی لەسۆران وڕواندوز کەوتە سەر سکەی خۆی و پێشکەوت.

*محەمەد: دەبینین لە پێش ئێوەدا هونەر لە "ڕواندوز"ئەوەندە پێشنەخرابوو، ئێوە ئەم هونەرمەندە بەهرەدارانەتان لە کوێ دۆزینەوە؟

*مامۆستا زرار: توانیمان ئەو هونەرمەندە بەهرەدارانە بدۆزینەوە، لە قوتابخانەکان بەهەر سێ قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی وچ لەناو خەڵکیش و بێجگە لەوانەی بەخۆشیان سەردانی ئێمەیان دەکرد، لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی بەردەوامیمان هەبوو لەگەڵ خوێندکاران و ڕۆشنبیران..هتد .ئەم کارەی ئێمەو بەهرەی ئەوان وا تێکەڵی یەکتر بوون کە هونەرمەندی باش لە بواری مۆسیقاو بەشەکانی تر پێبگەن.

*محەمەد: دەکرێت ناوی ئەو هونەرمەندانمان بۆ بڵێی کە ئێستا کاردەکەن وناو ناوبانگێکی باشیان هەیە لە بوارەکانی هونەردا.

*مامۆستا زرار: بەڵێ :لە بواری مۆسیقا هەریەکە لە "چەتۆ نەوڕۆز ئێستا بەرێوەبەری تیپی مۆسیقای میللییەو ئامانج غازی مامۆستاییە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، سەید ئەحمەد بەرێوەبەری تیپی مۆسیقای کوردستان تیڤییە و فارۆقی حاجی باپیر ئەویش بەهەمان شێوە لە ڕۆژ تیڤییەو سیروان سیرینی لە وولاتی ئەمریکا سۆلۆسیتوئەندامی فیدراسیۆنی مۆزیکزانانی ئەمریکایەو کەمانچەژنی یەکەمی لە" کێن وود سیمفۆنی ئۆرکێستر"لەگەڵ چەندان مۆسیقا ژەنی تر "ئەمانە هەمووی لە ژێردەستی من پەروەردەبوون لە کۆتایی حەفتاکانەوە، لە بواری شانۆش مامۆستا "کامەران حاجی ئەلیاس "ئێستا بەرپرسی شانۆییە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر، لە شێوەکارییش هونەرمەندان "سەلام نەوڕۆزو امیر محمد امین "کە امیر یەکێك لەو هونەرمەندە هەرە باشانەی شێوەکاری بوو لە وەدەڤەرەدا، ئێستا لە وولاتی یۆنان بەو کارە دەژی وئیقامەی خۆی وەرگرتووەو دەوڵەمەندێك لای خۆی گڵی داوەتەوە بۆ کاری هونەری.

*محەمەد: ناوی ئەم هەموو گەلە پیاوە هونەرمەندەت هێنا ، بەڵام ناوی ژنێکی هونەرمەندوپێگەیشتووی ئەم بوارانەت نەهێنا بۆ؟

*مامۆستا زرار: بەڕای من دەگەڕێتەوە بۆ باری کۆمەڵایەتی وئەو شتانەی کە باوە وبوونە نەریت کچ زۆر خۆی نەداتە ئەو بوارە، زۆریشمان هەوڵدا تێشیدا سەرکەوتو بووین، ئەوە بوو هەندێك کچمان هێنا لەبواری مۆسیقا " ئەمەل عبدول خالق و پەیمان و پەروین فەتاح "کە تەماشای ئەرشیفی تیپی مۆسیقای پاشای گەورە بکە باش دەیانبینی، لەلایەنی شانۆشدا "شەهید شلێر محەمەدو زەکیە، خوناو ئاکۆیی و ژیان عەلی مردا، وکوردستان حەسەن "هەر ئەوەندەمان پێکرا کە ئەم کۆمەڵە کچەمان لەگەڵ دابوون لەم دوو بوارە تا دوای ڕاپەرین.

*محەمەد: دەڵێن"شلێر محەمەد محموود"کە لە پرۆڤەی شانۆدا بووە، کاتێك دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی، بەدەستی بەعسیەکان کوژراوە، ئەم ڕووداوە چۆن بوو؟

*مامۆستا زرار: لە ساڵی 1985ز کاتێك بەعسیەکان سەرکەوتن لە یەکێك لەشەرەکانی "فاو "بەدەست هێنا دەستیانکرد بە تەقەی خۆشی لە ناو شاری ڕواندوز !!..لەم کاتەشدا "شلێری "جوانەمەرگ کە دەگڕاییەوە ماڵی خۆی، تازەش پرۆڤەکەی تەواو کردبوو، لەرێگادا کوژراو ئەوەی زانیمان هەر ئەوەندەبووو جا نازانیین چیتریش لەپشت ئەم ڕووداوە بووە؟

*محەمەد: مامۆستا لەسەردەمی بەعس هەناسەیەك نەبوو بۆ کورد ئێوە ئەوەندە چالاك بوون، بەڵام ئێستا ئازادی تەواو هەیە بۆ کورد، کەچی ئێستا بێدەنگ ورەنگن لەکارکردندا بۆ؟

*مامۆستا زرار: بەش بەحاڵی خۆم من دوای ڕاپەرین تا ئەوپەڕی توانا من کارمکردووە لە هونەر بەگشتی، ئەو کاتیش من هەر لەهەوڵدان بوویمەو چەکێکم ئاراستەی دوژمنی خۆم دەکرد واتا "بەعس "کە هونەری ڕەسەنی

کوردیوکلتورەکەی بوو، بێجگە لەوەش بە ڕاپۆرتو ڕاپۆرتکاری بەعسیەکان ئێمە هەر بەردەوام بووین لەکارکردندا، من سایکۆلۆجیەتی خۆم وایە چەندی سانسۆرم لەسەر بێت ئەوەندە زیاتر کاردەکەم، پەیوەندیشمان لەگەڵ شۆرشی نوێ لە باشیدابوو.

*محەمەد: مەبەستمان ئەوەیە لە دوای ڕاپەرین ئێوە وەکو تیپی مۆسیقای "پاشای گەورە "نابینرێن.

*مامۆستا زرار: بەبڕوای من لە ناوچەی ڕواندوز لە دوای ڕاپەرین زۆربەی هونەرمەندان پەرتو بلاو بوون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی مادی و خراپ بوونی باری بژێوی هونەرمەندانو هەندێکشیان خانەنشین کران، لەلایەکی تریشەوە دەستەڵاتی ئەوەشمان نەما ئەم هەموو هونەرمەندە بەخێو بکەینو زۆربەیان پەرتو بلاوی شارەکانی هەولێرو سلێمانی وووڵاتانی سوێدوئەمریکا بوون .بەداخەوەش زۆریش بەداخەوە نەبەرەی کوردستانی وحزبەکانی سەرەکی یارمەتی هونەردۆستانەیان نەدایین، بۆ ئەوەی ئەو قوتابخانە هونەرییە بمێنێتەوە کە ناوی تیپی مۆسیقای پاشای گەورە بوو .

*محەمەد: باشە هۆکاری هەڵوەشانەوەی تیپی مۆسیقای "پاشای گەورە "خەتای کێی تێدا بوو؟

*مامۆستا زرار: هۆی هەرە گەورەی هەڵوەشاندنەوەی تیپی مۆسیقای "پاشای گەورە "حزبەکان بوون، حزبەکان نەیانتوانی بەشێوەیەکی بێلایەنوهونەردۆستانە تەماشای ئەو تیپەو ئەندامانی بکەن، بەچاوێکی تەسکی حزبایەتیو بەدەوریدا ئەخولانەوە، هونەرو چالاکیەکانی ئەو تیپەش بووە قوربانی حزبەکانو دەشبا لەبەرژەوەندی ئەوان دابووایە، ئەوەشت لێ ناشارمەوەو ڕاستیەکیە بۆت دەڵێم وئێمەش بەو شێوەیە تیپەکە لێك هەوڵوەشایەوە وهونەرمەندانی پەرتەوازە بوون.

*محەمەد: دوای ئەوەی حزبەکان بوونە هۆکاری هەڵوەشانەوەی ئەم تیپە، ئایا خۆشت تووشی ئەو ڕێگرییەی حزبەکان بوویتەوە لەکارەکانتدا؟

*مامۆستا زرار: بەڵێ: حزبەکان دابەونەرتیان وایە، ئێستاش هەر هونەرێك لە بەرژەوەندی ئەوان دا نەبێت بەربەرەکانێی دەکەن، منیش خۆم هەڵگری بیروڕاییێکم، ئەگەر حزبایەتیشم کردبێت تەسکایەتی نەبووە بەڵکو کوردایەتی بووە، گەر دیتیشم لەدوای ڕاپەرین بەرەڵلای دروستبوو نەك کوردایەتی مۆدێرن، بۆیە وازم لەسیاسیەتیش هێنا، لە گەڵ ڕێزماندا بۆ حزبەکان.

*محەمەد: وەکوتۆ دەڵێی هونەر پێشکەوتووە لەم فەزاییەی بەرەڵلایەدا ؟

*مامۆستا زرار: من هەرچەندە ئەم فەزاییەی دوای ڕاپەرین بە بەرەڵلای ناوزەدی دەکەم، بەلام من هەر لەسەر کاری خۆم خەریك بوومو ملم لێیی نا، چەندان کۆسپوتەگەرەم هاتنە پێش هەر کۆڵم نەدا حزبەکان وایان دەزانی من گەر لەگەڵ ئەو وئەم بم ئینتیمامم بۆ ئەوە، منیش بۆ خۆم پاك بووم، بۆیە حزبەکان دەوریان تێکدانی باری هونەری بوو، بە مۆسیقاوشانۆو شێوەکاری..هتد.حزبەکان هەر ئەوەیان دەویست ببمە پەراوێزی ئەو ئەمو کە هونەریش چووە ئەو قاڵبە ئەو هێزو بارو توانای خۆی پێ نامێنێت، کە پەیامەکەی بە پاکی بگەینێت .

*محەمەد: بەرێزتان بە تەما نین کەوا تیپی پاشای گەورە دروست بکەنەوە.

*مامۆستا زرار: بەڵێ: بە تەماین، ئەوا ئێشتا خەریکینو چالاکیشمان ئەنجامداوە، کەوا زۆرێك لە هونەرمەندانی پێشووی ئەم تیپەمان بانگ کردووەو یەکەمین چالاکیشمان لە ڕۆژی 31/3/2006بوو، لە "بێرۆیان "لە پشتی ڕواندووز، بەبۆنەی چەژنی نەورۆز.